# چەمک و سروشتی گۆڕان، لە فەلسەفەی «هیراکلیتس» و کاریگەرێتیی لەسەر هزری سۆفیستاییەکان

عیماد گەنجی
(سلێمانی)

لێکۆڵیار لەو کێشە فەلسەفییانە کە یۆنانییەکان پێشنیازیان کردووە، زۆر لەو کێشانە دەبینێتەوە کە مشتومڕێکی زۆریان وروژاندووە و کاریگەریشیان هەر لە سەرهەڵدانی هزری فەلسەفییەوە لەسەر فەلسەفەکان، بە درێژایی چاخەکان جێ هێشتووە، لەو کێشانەش کە ئەم باسە دەگرێتەوە" چەمکی گۆڕاو و جێگیرە، کە پوختەکەی: ئایا بوون لە گۆڕانکاریدایە، یان جێگیرە؟.

لە فەلسەفە سروشتییەکانی پێش سوکراتدا، تەوەرەی فەلسەفی، فەلسەفەی "گۆڕان و جێگیر" بوو، هەر لە سەرهەڵدانی فەلسەفەوە تا ئەمڕۆش لای فەیلەسووف و زاناکان هێشتا گرنگیی خۆی هەیە. فەیلەسووفەکانی پێش سوکرات بە وەڵامدانەوەی ئەو پرسانە دەستیان پێکرد، کە دەربارەی بنەڕەتی گەردوون و گۆڕانی دیاردە سروشتییەکانی چواردەوریان پێشنیازیان کردبوو، بە تێبینیی کردن و تێڕامانی ئەقڵگەرایی پەتی و نائەزموونگەریی، ئەم بایەخپێدانە ڕووی کردە چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی کە پێوەندییان بە سروشتی جیهان و گۆڕانی دیاردەکان و جێگیرییانەوە هەبوو.

زۆر لە فەیلەسووفەکانی یۆنان بە تێڕامان و لێکۆڵینەوە کاریان لەم دۆزە فەلسەفییەدا کردووە، بەتایبەت هەردوو فەیلەسووفی یۆنانی : هیراکلیتس (٥٣٥ -٥٧٤ پ، ز) و (پارمنیدس Parmenides دەوروبەری ٥٠٠ پ. ز)، یەکەمینیان هیراکلیتس ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە بوون لە گۆڕاندایە، بەڵام پارمنیدس بە پێچەوانەوە، ئەوەی ڕوون دەکردەوە کە بوون جێگیرە. پاش ئەوەی ئەو کێشە فەلسەفییانەی کە فەیلەسووفەکان دەیانگرتە خۆ و ڕوویان لە زیادبوون کرد



**هیراکلیتس**

(دیاردەی جەمسەرگیری لە نێوان گۆڕانی هیراکلیتس " هەموو شتێک لە گۆڕانی بەردەوامدایە" و جێگیریی پارمنیدس" بوون یەکە و ناگۆڕێت" سەری هەڵدا، کە ئەمەش لەگەڵ ناکۆکیی سەرچاوە ئەبستیمییەکانەوە هات: هەست و ئەقڵ. دواتریش بنەڕەتی توێژینەوەی ئەبستمۆلۆژیا دەستی پێکرد، هەروەک تۆوی لۆژیکیشی دانا).

لە چاخەکانی دواییدا فەیلەسووفەکان سوودیان لە پێشنیازەکانی ئەم دوو فەیلەسووفە وەرگرتووە، بەڵکو فەلسەفە هەر خۆیشی بەپێی ئەم دوو ئاراستەیە ڕێی کردووە. لەم باسەدا بە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەوە تەنیا چەمکی گۆڕان لای هیراکلیتس وەردەگرین، هەوڵ دەدەین لەسەر سروشت و پێگەی ئەو، لە فەلسەفەکەیدا بووەستین، هەروەک هەوڵی ئەوەش دەدەین چۆنێتیی کاریگەریی ئەم فەلسەفەی گۆڕانەی (هیراکلیتس)یش لەسەر سۆفیستاییەکان باس بکەین، لە بارەی ئەو هزر و دیدە فەلسەفییانەوە کە پێشنیازیان کردووە.

لە سەرەتاوە پێویستە ئاگاداری ئەوە بین کە فەیلەسووفەکانی پێش سەردەمی هیراکلیتس، جێگیرییان لە بووندا چەسپاندبوو، بەڵام هیراکلیتس ئەوەی بە وەهم دانا، لەبەر ئەوەی (شتێک لەو بارەیەوە بوونی نییە وەک هیراکلیتس دەڵێت، نابێت هیچ کەسێکیش حەز بە بوونێکی وەستاو بکات. کاتێک ژیانێک هەبێت، ئەوە لەسەر خاپوورکردنی شتێکیتر دەژیت، ئاگر بە مردنی هەوا دەژیت و هەواش بە مردنی ئاگر؛ ئاویش بە مردنی زەوی دەژیت و زەویش بە مردنی ئاو).

کەواتە بوون لای هیراکلیتس لەباری گۆڕان و لەبەر ڕۆشتندایە، نەک لە باری وەستاوی و چەقبەستندا.

هیراکلیتس چەندان دەقی جێ هێشتووە، تێیاندا ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە چۆن جیهان لەباری گۆڕانکاری و لەبەر ڕۆشتندایەو بە ڕەهاییەکی بەردەوام لە هەڵقوڵاندایە، ئەمەش چەند نموونەیەکی دەقەکانیەتی:

- هەموو ڕۆژێک خۆر تازە دەبێتەوە.
- "خۆر هۆی گۆڕانی وەرزەکانە" کە هەموو شتێک بەرهەم دەهێنێ".
- بڵاو و کۆ و زیاد و کەم دەکات.
- ناتوانیت دووجار بچیتە هەمان ڕووبارەوە، لەبەر ئەوەی بە بەردەوامی ئاوێکی تازەت بەردەکەوێت. (فریمان: - ناتوانیت دووجار بچیتە هەمان ڕووبارەوە، لەبەر ئەوەی بڵاودەبێتەوە و جارێکیتر کۆدەبێتەوە و نزیک دەبێتەوە و دادەبڕێت).
- گەردوون لە گۆڕانکاریدا" فریمان- ئاگری ڕەگەزپەرستی لە جەستەی مرۆڤدا".

لەمبارەوە لێکۆڵیاران نازناوی " فەیلەسووفی گۆڕان"یان لە هیراکلیتس نا، هاوەدنگیی فەلسەفەکەی لە چەسپاندنی گۆڕانی بووندایە، نەک جێگیری. هیراکلیتس ئەوەی ڕەت نەکردەوە کە پارمنیدس سەبارەت بە جێگیریی بوون پێشنیازی کردبوو، بەڵکو نکوڵیی لە جێگیریی تەواوەتی کرد. پێی وایە کە (هەموو ئەوەی لە ژێر خولگەی مانگدایە، بەردەوام لە باری گۆڕاندان و بۆ شێوەو " بۆتە/ قاڵب"ی جیاواز دەگۆڕێن، هیچ شتێک بەجێگیریی نامێنێتەوە و هیچ شتێکیش وەک خۆی نامێنێتەوە. دەڵێت: "ئێمە دەچینە ئاوێکەوە، هیچ مرۆڤێک نییە دووجار بچێتە ئاوێکەوە، ئەو بەردەوام لە ڕۆیشتن و قەڵبەزەی خۆیدایە" ئەو تەنیا بەوە ڕازی نەبوو نکوڵی لە جێگیرە ڕەهاکان بکات، بەڵکو نکوڵیی لە شتە ڕێژەییەکانیش دەکرد و تەنیا بە وەهمی دادەنان).

لەبەر ئەوە ئەو پێشنیازەی ئەوانی تر دەیکەن کە بوون وەستاوە، قسەیەکە لە ڕاستی بەدەر.

بیرۆکەی گۆڕان کە هیراکلیتس پێشنیازی کرد، بیرۆکەیەکی تازە نەبوو لە بواری بیرکردنەوەی فەلسەفیدا، بەڵکو هزرێکی کۆن بوو، بەڵام ئەوەی کە تازە بوو لە پێشنیازەکەی هیراکلیتسدا ئەوەبوو کە (گۆڕانکاری وشەیەکی ڕێژەییە، ئەوەی کە دەیڵێین گۆڕانێکی خاوە، یان گۆڕان لە بەرگێکی شاراوەدا، هەموو ئاوێتەییەک بەرە بەرە شی دەبێتەوە، هەموو شتێک دێت و دەڕوات، ئەمەش بە ڕێژەی جیاواز ڕوودەدات).

هیراکلیتس ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ئەم بوونە یاسایەکی گشتی بەڕێوەی دەبات، کە ناتوانرێت بە هەستەکانمان درکی پێ بکەین " ئەوەش لۆگۆس"ە، ئەم یاسایەش دانراوێکی گەردوونیی ئەقڵگەرایی سەپاوە، کە هەموو شتەکان بەڕێوە دەبات، لۆگۆس ئەم بوونە بەردەوام هەڵقولاوە ملکەچیەتی، ئەمەش لە دەقەکانیدا دەردەکەوێت، بۆ نموونە:

(لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم وشەیە هەتاهەتایی/ ئەزەلییە، کەچی خەڵک لەگەڵ بیستنیدا ناتوانن تێی بگەن، هەروەک ئەوەی یەکەم جار بێت بیبیستن. ئەوە ئەگەر شتەکان هاوشانی ئەم وشەیە بڕۆن، خەڵک هەروا دەردەکەوێت کە هیچ ئەزموونێکیان لەگەڵ شتەکاندا نییە، کاتێک ناو و کرداری نوێ دەکەن، هەروەک ئەوەی ئەمە لە شیکردنەوەی شتەکان بەپێی سروشت و جۆرەکەیەوە کرابێت. خەڵکیش هەن نازانن چی دەکەن کاتێک بە ئاگان، هەروەک ناشزانن کاتێک نوستوون چی دەکەن).

لەمەوە دەردەکەوێت کە لۆگۆس، یان وشەکە یاسایە، یان ئەو سستەمەیە کە بوون بە هەموو ئەو شتانەی تێیدا ملکەچی ئەون.

بەم جۆرە دەبینین هیراکلیتس هەستی بە چاوگەی زانینی بوونی هەستپێکراو کردووە، ئەو مەعریفەیەشی لەم ڕێگەیەوە دەمانگاتێ، وەک ڕاستیی شتەکان نین، مەعریفەیەکی کەموکورت و دیاریکراو و ڕێژەییە.

لەم بەشەی باسەکەدا، کاریگەرێتیی هیراکلیتس باس دەکەین بەسەر سۆفیستاییەکانەوە بە بوون و نەبوونی، بەڵام ئەوەمان لە یاد نەچێت کە پێش سەردەمی سۆفیستاییەکان، فەلسەفە بە شوێن پرسی بوونی سروشتییەوە لە لێکۆڵینەوە و گەڕاندا بوو.. سۆفیستاییەکان هاتن و بیرکردنەوەی فەلسەفییان بەلای گرنگیدان بە مرۆڤدا وەرچەرخاند، واتە گرنگیدان بە پرسی ئەبستمۆلۆژیا و ڕەوشت، زیاتر لە گرنگیدان بە توێژینەوەی بوون.

"پرۆتۆگۆراس Protagoras ٤٩٠ پ. ز" و "جیۆرجیاس georgias ٥٧٤- ٨٣٠ پ. ز" دیارترین کەسانی سۆفیستاییەکان بوون، هەموو ئەو سۆفیستاییانەی دوای ئەمان هاتن، ڕێچکەی ئەم دووەیان گرت، ئەوانی دیکە هیچی دیکەیان نەخستە سەرئەوەی ئەمان جێیان هێشتبوو. لەبەرئەوە لەسەر بیروڕای هەرووکیان دەوەستین لەوەدا کە پێوەندیی بە توێژینەوەی بوون و ئەبستمۆلۆژیا و بەهاکانەوە هەبێت.

لە بواری ئەبستمۆلۆژیادا پرۆتاگۆراس ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هەستەکان چاوگەی یەکەمینی زانینی ڕاستیی شتەکانن، دەڵێت:

(مرۆڤ پێوەری هەموو شتەکانە. پێوەری بوونە بە هەموو ئەو شتانەوە تێیدا هەیە و پێوەری نەبوونیشە بەوەوە کە نییە).

ئەمە مانای ئەوەیە کە هەستەکان پێوەری بوونی ئەوەن کە هەیە و بە پێچەوانەشەوە، ئەوەی دەیبینم ڕاستەقینەیە و ئەوەی کە بە ناڕاستەقینەشی دەزانم ناڕاستەقینەیە، کەواتە درکە هەستییەکان لای پرۆتاگۆراس (ئەو تەنیا شتانەن، کە ڕاستەقینە هەن، تەنیا ماددەشە ئەو وێنەیەی لێ پێکدێت، کە لەسەر جیهانمان هەیە، هەمووشی - لەڕووی پرانسیپەوە- ڕاستە بە پلەیەکی یەکسان، تەنانەت گەر بشگۆڕێت، یان تا و نەخۆشی و خواردنەوەی شەراب و شێتیش بیشێوێنێت.

پلاتۆش لە گفتوگۆی تیاتیۆسدا، ئاماژەی بۆ ئەو پێشنیازەی پرۆتاگۆراس کردووە، کە هەستکردن چاوگەی زانینی ڕاستیی شتەکانە لای پرۆتاگۆراس و دەڵێت:

(سۆکرات: چاکە، تۆ خۆت لە فێربوونێکی زۆر گرنگ لە بارەی ئەبستمۆلۆژیاوە قوتار کرد، بە ڕاستیی ئەمە ڕای پرۆتاگۆراسە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگەیەکی تری بۆ ڕوونکردنەوەی خودی ئەم بیرۆکەیە شک بردووە. دەڵێت

مرۆڤ پێوەری هەموو شتەکانە، پێوەری بوونی ئەو شتانەیە کە هەن، پێوەری نەبوونی ئەو شتانەشە کە نین، ئەم دەستەواژەیەت لە کارەکانیدا خوێندووەتەوە؟

تیاتیتۆس: ئۆو بەڵێ، چەند جارێکم خوێندووەتەوە.

ئایا نایەوێت بڵێت، یان مانای ئەوە نییە کە شتەکان بۆ تۆ دەبێت هەروەک ئەوەی تۆ دەیبینیت، بۆ منیش دەبێت وەک ئەوەم دەیبینم، من و تۆش پیاوین.

تیاتیتۆس: بەڵێ، وا دەڵێت).

مەبەست لە مرۆڤ لە وتەزاکەی پرۆتاگۆراسدا مرۆڤی تاکە نەک مرۆڤ بە گشتی، کەواتە بوارێک نییە بۆ راستیی رەها لای پرۆتاگۆراس، بەو جۆرەی کە پلاتۆ باسی دەکات. لەبەر ئەوە سۆفیستاییەکان ئەبستیمی راستەقینەیان نییە، بەڵکو بانگەشە بۆ ئەبستمۆلۆژیا دەکەن.

سۆفیستاییەکان سوودیان لە فەیلەسوفە پێشینەکانیان وەرگرتووە، بە تایبەت لە هیراکلیتس خاوەن فەلسەفەی گۆڕان و بەردەوامی. "هیراکلیتس و ئەنبادۆکلیس و ئیبلیۆن و دیمۆکریس" بەو چەکە دەستی هاوکارییان بۆ سۆفیستاییەکان درێژ کردووە، کە بە ڕووی دوژمنەکانیاندا هەڵیانکێشاوە.. پرۆتاگۆراس بە تایبەت لە هیراکلیتس و جیۆرجیاسیش لە ئەنبادۆکلیس تینوێتییان شکاوە، بەڵام ئەوەی ئەو پیاوە مەزنانە بە رێگەیەک وتوویانە، زۆر تەمومژاوی، یان تێگەیشتنی قورس بووە، سۆفیستاییەکان گۆڕیان بۆ زمانێکی شیرین و بە جوانییەکانی زمان ڕازاندووەتەوە، کەواتە داڕشتنەوەی سیمیاییان کرد بۆ ماناکان، کە بەپێی ئەوەی ڕەوشێک دەیخوازێت دەگۆڕێت و دەگونجێنرێت.

بەلانی ئەوەوە کە پرۆتاگۆراس سوودی لە هیراکلیتس وەرگرتووە، پرانسیپەکەی " مرۆڤ پێوەری هەموو شتەکانە" لەسەر بنچینەی باوەڕی گۆڕان و گۆڕانکارییەکەی هیراکلیتسەوە هاتووە، پرۆتاگۆراس ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە گۆڕان یاسای گشتیی بوونە، ئەمەش لە شیکارییەکەی پلاتۆ و ئەریستۆتالیسدا، وتەزاکەی پرۆتاگۆراسی دەرخستووە، کە تێیدا ئەبستمۆلۆژیا و هەستی یەکخستووە. وێڕای ئەوەش ڕێژەیی فەرمانەکان لای پرۆتاگۆراس دەبینینەوە کە لەوی هیراکلیتس جیاوازە، لای هیراکلیتس (سەبک/ مۆرکی گشتیی رەها دووپات دەکاتەوە لەوەدا کە هاوبەشە، بە پێچەوانەی بیرۆکەی ڕێژەییەوە، کە ئەو سەردەمە دەرەنجامی بەراوردکاریی گەشەی کرد، کە لە نێوان نەریتی جیاوازی گەلە جیاوازەکاندا کرا).

دەتوانین بڵێین پرۆتاگۆراس وەک سوودی لە هیراکلیتس وەرگرتووە، هەندێک کاتیش جیاواز بووە لەگەڵیدا.

**سەرچاوە:**

**صفحة معابر/ التغير: مفهومه وطبيعته في فلسفه هيراقليطس وأثره على الفكر السفسطائي- د. حسن كامل إبراهيم.**